

# چاوچنۆکی چۆن ژن و مێردێکی لە ناوبرد؟

### کۆچی دوایی هاوڕێی تەمەن

(نوری) کە خاوەن سێ کچ و دوو کوڕ بوو، وەختێك توانیبووی بگاتە ئاستێکی باشـــی دارایی ، تەمەنی گەیشـــتبووە نزیکەی چل ســـاڵ ، هەر دوو کوڕەکەی بەهـــۆی مامەکانیانـــەوە، چووبوونـــە ئەورووپـــا، بەڵام لە ســـێ کچەکەی کە ناویان (شـــارا، تارا، ئارا) بوون، (ئارا) یان کـــە کچە گەورەکەی بوو، شـــووی کردبوو، لە مـــاڵ و حاڵی خۆیدا دەژیا، بەڵام (شـــارا و تارا) هێشـــتا هەر لای باوکیان بوون ژیانێکی خۆش و پڕ تەبایی دەژیان، خێزانێکی بەختەوەر و ئارام بوون، لە رووی داراییشـــەوە(نوری) توانیبووی ســـەرمایەکی باش لە خانوو و زەوی بۆ خۆی پێکبهێنێ، تاکە گرفتێکیان ئەگەر هەبوو بێت نەخۆشی دایکان بوو، دایکیان دەمێك بوو دەردەداری نەخۆشـــییەك بوو کـــە پزیشـــکەکان نەیاندەزانی چییەتی؟ ئەو ژنە پزیشـــك نەما ســـەردانی نەکات بەڵام رۆژ بـــە رۆژیش لە کورتی دەدا و باری تەندروستی بەرەو خراپتر دەڕۆیشت، (نوری) لە بایەخپێـــدان درێغی نەدەکرد، هەروا کچەکانیش بەردەوام خزمەتیان دەکرد و نازیان دەکێشـــا، ئەگەر چی،(نوری) بۆ مـــاوەی ســـاڵێکیش تامـــی ژیانی هاوســـەرێتی، بەمانای ســـەرجێکردنی نەکردبوو، بەڵام قەت رۆژێك لە رۆژانیش پرتە پرتە و بۆڵە بۆڵی نەکرد، چونکە ئەو دەیزانی ئەو ژنە کاتی خۆی چەند پشتی گرتووە، چەند هـــاوکاری کردووە و چی هەبوو لە زێڕ و خشـــڵ هەمووی داوەتە دەستی هەر بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر پێی خۆی بووەستێ و بتوانێ کاروکاسبییەك بکات خێـــری بۆ خـــۆی و خێزانەکەی هەبێت، ئەو ســـەروەت و ســـامانەی ئەو ئەورۆکە پێکیهێناوە ئەگەر بە پاڵپشـــتی راســـتەوخۆی ئەو ژنـــە نەبوایە هەرگیز نەیدەتوانـــی بگاتە ئـــەو رۆژە( نوری) هەمیشە ئەمانەی لەبەرچاوبوو، بۆیە هیچ بێزارییەکی دەر نەدەبڕی ژنەکەی ئەمەی دەزانی، بۆیـــە هەموو جارێ پێیدەگوت: (نوری) تۆ هێشـــتا گەنجی و لەســـەر تاقەت و شەنگی خۆتی، منیش ئەوە بە خۆت دەزانی خودا نەخۆشییەکی کردووتە قسمەت، نەکەس ســـەری لێ دەردەکات، نە چاکیش دەبمەوە وەکو هەر ژنێکی تر، بتوانم ئەرکی هاوسەرێتی خۆم جێبەجێ بکـــەم، کە ئەو قســـانەی دەکرد(نوری) تۆزێـــك رادەما و دەچووە لای ژنەکەی و پێـــی دەگوت: ئافرەت خۆزگە تۆ چاك دەبوویتەوە، ئەوی تر شـــتی ئەو تۆ نین، تەنانەت هەر جێی باسکردنیش نین.

بەڵام(نوری) هەرگیـــز چاوەڕێی ئەو رۆژەی نەدەکرد، وەك ئەو بەیانییە روویدا، کاتێك دەورووبەری کاتژمێر حەوتی بەیانی بوو، لەگـــەڵ قیژەو هاواری (شـــارا)ی کچی هەموو بە ئاگاهاتن، جۆری هاور و ناڵەی (شـــارا) هی ئەوەبـــوو بزانن کە کارەساتەکە ئیتر روویدا، ئەو بەیانییە ژنێك



دوای چەندین ساڵ ژیانی هاوسەرێتی و بە دەردی نەخۆشییەکی کوشندەوە گیانی بەخاك سپارد.

## پێکهێنانی ژیانێکی نوێ

دوای ئەوەی (نوری ) هەردوو کوڕەکەی لە مردنی دایکیان ئاگادارکردەوە ئەوانیش هەر بۆ رۆژی دوایی بە فڕۆکە گەڕانەوە بۆ ئەوەی بە بەخاك سپاردنی دایکیان ئامادەبن، باوکیان بە مردنی دایکیان تەواو شپرزە و نیگەران و خەمبار بوو، کابرا کۆستی کەوتبوو، لەسەر و رووی، لە هەڵسووکەوت و زەوق و سەلیقەی بە تەواوەتی رەنگیدابۆوە، کوڕەکان هەستیان کرد کە باوکیان تەواو پەرێشان وماڵوێران بووە، بیرۆکەی هێنانی ژنێك بۆی، کە هەم کاریگەری مردنی دایکیان لەسەر کەمبکاتەوە، هەمیش تۆزێك خەریك بێت و ئەو کەسەش بتوانێ خزمەتی بکات، لای کوڕەکان گەلاڵە بوو، پاشان لەگەڵ هەر سێ خوشکیش قسەیان کرد و بیرۆکەکەیان زۆر پێ باش بوو، ئەوان دوای چوار پێنج رۆژ گەڕانەوە ئەوروپا و پاش ماوەیەك (تارا و شلێر) باسەکەیان لەگەڵ باوکیان کردەوە بەڵام (نوری ) ئەوەندە مەسەلەکەی بەهەند وەرنەگرت، بەهەرحاڵ مانگێك دووانی بەسەرداچوو، دیسان وردە وردە باسەکە هاتەوەگۆڕێ، ئەوجا (نوری ) یش بیرۆکەکەی پێ باش بوو، ئیتر دەستیان کرد بە گەڕان و پرسیارکردن لە ژنێك کە لە باوکیان بووەشێتەوە.

دیتنەوەی ژنێك بەو پێوەرانەی کە ئەوان دەیانووسیت مانگێك زیاتر خایاند، ئاخیرییەکەی قەیرە کچێکیان بۆ دۆزییەوە کە بە دڵی باوکیان بێت و وەك دەڵێن لێی بووەشێتەوە کچە تەمەنی گەیشتبووە (٣٨) ساڵ، لە خێزانێکی ئاسایی بوو، کچێکی چاوکراوە و زۆر زان بوو، ئەوە نەبووە هەروا بە سانایی تەماشای ژیان بکات بەڵکو کچێکی تەماحکار و دنیادیتە بوو، بەهەر حاڵ لێرەوە با بزانین(تارا ) هێنانی ئەو کچە بۆ باوکیان و دواتر پەیدابوونی کێشەکان چۆن بوو؟

## چۆن بۆ مانی دەگێڕێتەوە؟

(تارا ) دەڵێ: کە ئەم زڕدایکەمان بۆ باوکمان خواست لەو بڕوایەدابووین کەسێك دەبێتە هاودەمی باوکمان و تۆزێك سوکنایی و دڵنیایی پێ دەبەخشێت، خەم و خەفەتی لە دەستچوونی دایکمان کەم دەبێتەوە لەسەری، بەڵام بەداخەوە وانەبوو، هەر لە هەفتەی یەکەمەوە ئاماژە و قسەکانی، چۆنییەتی هەڵسوکەوتی لە ناو ماڵ و هەڵسووکەوتی لەگەڵ ئێمە، بە جۆرێك بوو وەك ئەوەی ئێمە بێگانە و خۆی خاوەن ماڵ بێت، هەر لەسەرەتاوە ململانێیەکی راستەوخۆی لەگەڵ من و (شارا )ی خوشکم دەستپێکرد رۆژ بە رۆژیش ئاستی ململانێیەکەی زیاتر و توندتر دەکرد، باوکمان کە بە ژیانی قسەیەکی توندو ناخۆشی بە ئێمەی کچەکانی نەگوتووە، زۆرجار کە لە کار

دەهاتەوە، دوای نیو کاتژمێر وەك فیشەکە شـێتەی لێدەهات لێمان، زۆر بە ئاشکرا هەستمان دەکرد کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو ژنە، راستییەکەی ژنەش دەیتوانی گۆڕانکاری و کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دروستبکات، ئامانجەکەشی لەو کێشە دروستکردنانە دیار و بەرچاوبوو، تا خۆی بەتاك و ئەو تەنیا لە ماڵی باوکمان بمێنێتەوە و ئێمەش بەهەر رێگەیەك بێت دەرپەڕێنێ، کە دیتی بۆی ناکرێ دەرمانپەڕێنێ، بەتایبەتی لەمەدا نەیتوانیبوو باوکم بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە ، هەوڵمدا ئیشەکە لە کورتی ببڕێنێتەوە، ئەویش بە بەناوکردنی هەرچی شتی گرانبەهایە لە زەوی و خانوو، یا دوکان یا شتی تر ، باوکم سەرەتا نەچووە ژێر باری ئەو تەماحانەیەوە، بەڵام ئیتر نازانم چی بوو، لە ئێمەی سوڕاندەوە و تووشمان بە تووشی باوکمان، ئەوە بوو هەموو بەیانییەك کە باوکم دەچوو دەرەوە لێمانی هاندەدا و بە گژمانی دا دەکرد.

ئێوارەش کە دەهاتەوە، دیسان دەیکرد بە گژمانا. هەموو جارێ دەمانگووت نەفرەت لەو کەسە بێ کە ئەو هەوێیەی بۆ هێناین و تووشی دەردەسەری ئەو ژنەی کردین.

ژنە خۆی زۆر جار بە ئاشکرا دەیگووت، باوکتان شتێکی لێبێت، یا بمرێت من بێکەس و بێ جێگەورێ دەمێنمەوە و ئێوەش دەرم دەکەن، راستییەکەش قەت شتی وا لە خەیاڵماندا نەبوو، بەڵام بڕیارماندا بوو من و هەردوو خوشکەکەی ترم بەڕاستی وای لێبکەین و واشی دەریبکەین ببڕای ببڕای نەیەتەوە ئێرە.

ئیتر من و خوشکەکانم خۆمان رێکخست و پێشتر براکانیشمان دەیانزانی ئەو ژنە چ غەدرێکمان لێدەکات.

ناکۆکی ئێمە و ئەو تەواو پەرەی سەند و چەند جارێك باوکمان هەڕەشەی دەرکردنی لێکردین و چەند جارێکیش هەڕەشەی بەناوکردنی هەموو شتێك هەرچی سامان و دارایی هەیە بۆ ئەو ژنە لێکردین. ئیتر کە مەسەلەکەمان لە براکانمان گەیاند هەردووکیان بەشێوەیەکی کاتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە هاتنەوە و هەفتەیەك خەریکی تاوتوێکردنی ئەو باسە بوون. سوودی نەبوو، لەگەڵ زڕدایکەکەمان هەوڵیاندا، سوودی نەبوو. ئێوارەیەك هەموو پێکەوە دانیشتین و براکانمان لەگەڵ باوکمان رووبەڕوو قسەیان کرد. (هۆزان) کە برا گەورەمان بوو رووی قسەی لە باوکم کرد و پێیگووت: باوکە ئەمانە منداڵی خۆتن جەرگتن، ئاخر رەوا نییە بەقسەی ئەو ژنە ئەو کارەیان پێدەکەی و هەموو رۆژێ دەریان دەدەیتێ. بۆچی هەڕەشەی دەرکردن و بێبەشکردن لە میرات و ماڵیان لێ دەکەن؟

ئەو ژنە هەمووی چەند مانگێکە هاتووە، بەڵام ئەوانە چەندین ساڵە خزمەتت دەکەن، هیچ نەبێ تا دەچنە رێی خۆیان ئارام با بن و مەسەلەی ماڵیش لێگەڕێ بۆ کات و شوێنی خۆی و دەستکاری شتێك مەکە کە دواتر پەشیمانی لە دوا بێت... بەڵام باوکم پێش ئەوەی بە وەڵام بێت ژنەکەی قسەی کرد و گوتی: ئەم ماڵە ئیتر ماڵی منە و باوکیشتان چاك دەزانێ، ئێوە لە ئەوروپان، بەیانی خوشکەکانتان شوو دەکەن و دەڕۆن، کێ دەمێنێتەوە لە من زیاتر؟ کێ لە ئێوە خزمەتی باوکتان دەکات لە من زیاتر، ئێوە یان ژنەکانتان، خوشکەکانتان یان مێردەکانیان؟ بێگومان لە خۆم زیاتر کەسی تری نییە، ئەی باشە من ژنی حەڵاڵی باوکتان نیم، من زڕدایکی ئێوە نیم؟ بۆچی بۆم نەبێ پشکێکم لەم ماڵە بەرکەوێت؟ ئەگەر بەیانی خوانەخواستە باوکتان مرد، من چی لێدەکەن؟ بێگومان دەرم دەکەن و تێمهەڵدەدەن و لەهەموو شتێك بێبەشم دەکەن... زۆر قسەی دەکرد ، چەندیش براکانم پێیان گوت تۆ بەشێوەیەکی ناڕاست و هەڵە بیردەکەیتەوە، ئێمە وانین و تۆش زۆر پێشوەختە بیر دەکەیەوە، بەڵام ئەو بڕیاری دابوو، تەنها لەسەر قسەی خۆی بێت و بەس، مشتومڕ درێژەی کێشا و باوکمان ئێمەی دەرکرد، کچەکانی دەرکرد و ئێمە بەناچاری چەند رۆژێك لای خوشکە گەورەکەم ماینەوە. مەیدان تەنها بۆ زڕدایکەکەمان مایەوە چەند جارێك هەوڵماندا باوکم سار بکەینەوە، لەو نوختەوە (هۆزان) دەڵێت: نەخێر بڕیاری خۆی دابوو کچە جاحێڵەکانی خۆی بۆ خاتری رازی کردنی ژنەکەی بەیەکجاری دەربکات... من بڕیارم دا بگەڕێمەوە ئەوروپا بۆ ئەوەی مۆڵەتێکی یەك مانگی وەربگرم تا ئەو کێشەیە بەیەکجاری بنبڕدەکەین، چەند رۆژێکم پێ چوو، کارەکانم رێکخست دووبارە هاتمەوە وڵات بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بەلایەك دا بشکێنین چارەنووسی خوشکەکانیشم بزانم، دووبارە دەستمان کردەوە بە مشتومڕ لەگەڵ باوکمان کە نابێ شتی وابکات ئەو کچە جاحێڵانە وەها پەراگەندە بکات. من و زاواکەم و باوکی و مامەکانم لەگەڵ خۆم برد، هەر لەوێ لەکاتی قسەکردن و باس و خواسدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو خانووەی باوکم تیایدایە و ٧٠٠ مەترە بەناوی ژنەکەی کردووە... خەریکی مامەڵەکردنیش بوو بۆ ئەوەی ئەوانی تریشی بەناو بکات، ئیتر مەسەلەکە تەقیەوە، بووە هەرایەك ئەوسەری دیار نەبێت، باوکم پڕی دایە من لێم بدات بەڕاستیش لێی دام، خوشکەکانیشم لەتاوان پڕیان دایە زڕدایکەکەمان و بووە شەڕە پرچ و شەڕە چەپەڵۆك و لێکدان، لەو بەزم و هەرایە بوو، کە زڕ دایکەکەم هاواری لێهەڵساو و قیژاندی و گوتی: ئای سنگم، ئای ژان کوشتمی، عارەقەیەکی ساردی کرد و چاوی سپی هەڵگەڕاو رشایەوە، هەر ئەو رشانەوەیە بوو، یەکسەر کەوت بە زەویدا، بەهۆی مامەکانم و خزمەکانی ترەوە توانرا هەرایەکە بەو هۆیەوە کپ بکرێتەوە و ژنە بگەیەندرێتە نەخۆشخانە، بەڵام لە نەخۆشخانە کە پشکنینیان بۆ کرد گوتیان دەمێکە مردووە، لەگەڵ ئەو قسەیە باوکیشم لەهۆش خۆی چوو، لەگەڵ بەربوونەوەکەی سەری بە پارچە ئاسنێکی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکە کەوت، ئەوەی کە زڕدایکەکەمان لەسەر درێژکردبوو، ئاسنەکە چوو بووە ناو سەری و کەللە سەری تەقاندبوو، چەند رۆژێك لە ژێر چاودێری پزیشکی مایەوە و دواتر ئەویش مرد، بەمشێوەیە ژنە سەری خۆی و باوکیشمی خوارد و کێشەیەکی گەورەی میراتیشی بەجێ هێشت کە بەناوبوونی خانووەکەی باوکم بوو، ئەوەش هەمووی بەهۆی ماڵی دنیابوو.

**ناکۆکی ئێمە تەواو پەرەیسەند ، چەند جارێك باوکمان هەڕەشەی دەرکردنی لێکردین و چەند جارێکیش هەڕەشەی بەناوکردنی تەواوی سەروەت و سامانەکەی بەناوی ئەو ژنەوە لێکردین**

# بۆچی کەسانێک زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە؟



*هەندێ کەس زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە و بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاری دێنن، هەندێکیان ئەوانەن کە خۆشەویستیان هەیە و ژمارەیەکیان تایبەت کردووە بە خۆشەویستەکەیان، یان جۆری کارەکەیان وا دەخوازێت زیاتر لە سیمکارتێکیان هەبێت، یان بۆ هەرمەبەستێکی تر، ئێمە لێرەدا هەندێ کەس دەدوێنین کە زیاتر لە ژمارەیەکی مۆبایلیان هەیە بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری بوونی زیاتر لە سیمکارتێك چییە، هەروەها رای چەند کەسێکیش وەردەگرین کە تەنها یەك سیمکارتیان هەیە و لێیان دەپرسین: چۆن دەڕواننە ئەوانەی زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە؟*

## کوڕێک ٦ سیمکارتی هەیە

(هێرش) شەش سیمکارتی هەیە، دەربارەی هۆکاری ئەوەی ئایا بۆچی شەش سیمکارتی هەیە، دەڵێت"یەکێکیان تایبەتە بە ماڵەوە، سیمکارتێکی تر تەنیا بۆ هاوڕێکانم لە زانکۆ، دوو سیمکارتی تریش بۆ قسەکردن لەگەڵ خۆشەویستەکەم، دوو ژمارەی تریشم هەن کە تا ئێستا بەکارم نەهێناوە" ئەو بوونی ئەو هەموو سیمکارتە بە کارێکی باش دەزانێت لەبەرئەوەی هەریەکەیان بۆ کارێکی تایبەتی بەکاردێنێت، جگە لەوەش پێی وابوو، ناکرێت تەنیا یەك ژمارەی مۆبایلی هەبێت لەبەر ئەوەی زۆر قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکات و دواتر ئەگەر پەیوەندی بۆ بێت بێزار دەبێت.

## سیمکارتێک بۆ خۆم و یەکیش بۆ خۆشەویستەکەم

(شلێر) کە کچە قوتابییەکی زانکۆیە و دوو سیمکارتی هەیە، دەڵێت"دوو سیمکارتم هەیە، یەکێکیان بۆ ماڵەوە و هاوڕێکانم واتە لای زۆربەی ئەو کەسانەیە کە ئاشنایەتیم لەگەڵیان هەیە و ژمارەکانیان دەزانم، ئەوەی تر تایبەتە بە خۆشەویستەکەم و شەوانە زۆر قسە دەکەین بەیەکەوە، بۆیە وابزانم بوونی دوو سیمکارت بۆ من کارێکە لەجێی خۆیدایە". (بەهرە)ش پێشتر چوار سیمکارتی هەبوو، بەڵام ئێستا تەنها دوو سیمکارتی هەیە، ئەو بەم جۆرە قسەی کرد" تا ماوەیەك پێش ئێستا چوار سیمکارتم هەبوو، زۆر قسەم لەگەڵ هاوڕێکانم دەکرد، بەڵام دواتر بیرم کردەوە کە پێویست نییە چوار ژمارەم هەبێت، بۆیە ئێستا تەنها دوو ژمارەم هەیە، ئەویش بۆ کاری ئاسایی خۆمی بەکاریاندێنم" بەهرە ئەوەشی گوت، کە بەنیازە تەنیا یەك ژمارە بۆخۆی بهێڵێتەوە و پێی وایە بەو شێوەیە باشترە. "سێ ژمارەم هەیە، یەکێکیان تایبەتە بە خۆشەویستەکەم، یەکێکی تر هاوڕێ نزیکەکانم، ئەوەی تر تەنها ئەو کاتە بەکاریدێنم کە ئەوانی تر سەنتیان تێدا نەبێت یان کەسێك وەڵامی ژمارەکانی ترم نەداتەوە بەو ژمارەیە پەیوەندی پێوەدەکەم" ئەمە رای (سەرباز) بوو، ئەو بەردەوام بوو لە قسەکانی" هیچ کاتێك بۆ مەبەستی خراپ بەکارم نەهێناوە و پێم شتێکی زۆر ئاساییە کە زیاتر لەسیمکارتێکم هەیە لەبەر ئەوەی هیچ زیانی نییە و بۆ خۆم وەهام پێ باشترە".

## پێنج سیمکارتی هەیە و یەکێکیان کراوەیە

(هیوا) گەنجێکی ترە کە زیاتر لە ژمارەیەکی مۆبایلی هەیە، دەڵێت"حەزدەکەم زۆر ژمارەم هەبێت، ئێستا پێنج ژمارەم هەیە بەڵام تەنها یەکیان کراوەیە و ئەوانی تر داخراون، هەندێ جار پێم خۆشە کەس تەلەفۆنم بۆ نەکات ئەو کاتە ئەو ژمارەیە لەسەر هاندەکەم دادەنێم کە کەس نایزانێت ئەو کات ئەگەر خۆم کارێکم هەبوو ئەوا تەلەفۆن دەکەم، بەڵام هیچ تەلەفۆنم بۆ نایەت". ویستمان ڕای چەند کەسێك وەربگرین کە تەنها یەك سیمکارتیان هەیە، لەسەرەتادا (دەشتی) گوتی" بوونی زیاتر لە سیمکارتێك بە سروشتی نازانم لەبەر ئەوەی دەتوانرێت بە یەك سیمکارت هەموو کارەکان ئەنجام بدرێت. بە رای من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کەسەکە، هەیە حەز دەکات زۆر ژمارەی مۆبایلی هەبێت، هەیە بۆ خۆ گەورە کردن زیاتر لە ژمارەیەکی هەیە، بۆیە وای دەبینم بوونی چەند سیمکارتێك هیچ مانایەکی نییە، تەنیا لەهەندێ کاتی تایبەت دا نەبێت ئەویش بە پێی بەرنامە و بەرپرسیاریەتی، بەشێوەیەکی گشتی بوونی یەك سیمکارتم پێ باشترە لە چەند سیمکارتێك.

## کەپڵەکان زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە

(شارا) یەك سیمکارتی هەیە و پێی وایە پێویست ناکات زیاتری هەبێت، سەبارەت بەوانەش کە زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە، دەڵێت" زۆر ئاساییە ئەوانەی کەپڵیان هەیە یان ئیشوکاریان زۆرە چەند سیمکارتێکیان هەبێت، کچێکی تر بە ناوی (شەهێن) بەم شێوەیە رای خۆی دەربڕی" من تەنها یەك سیمکارتم هەیە و پێویستم بەوە نییە زیاترم هەبێت، بوونی چەند سیمکارتێك لای یەك کەس بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێنمەوە، هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ کەپڵەکەی، هەیە بۆ شانازی بە خۆکردن چەند سیمکارتێکی هەیە، هەشە بۆ کاری ناشیاو بەکاری دێنێت، هەشە سروشتی کارەکەی وا دەخوازێت، بەڵام وەك ڕای خۆم ئەمە بە کارێکی جوان و شارستانی نازانم". هەر دەربارەی ئەم بابەتە (دیاری) گوتی" هەموو کەسێك ئازادە لەوەی چەند سیمکارتی هەیە، ئەگەر بۆ مەبەستی خراپ بەکاری نەهێنێت من پێم زۆر ئاساییە، خۆم تەنها یەك سیمکارتم هەیە و پێویستم بەوە نییە سیمکارتی ترم هەبێت، بەڵام بۆ هەندێ کەس بوونی چەند سیمکارتێك کارێکی پێویستە".

**کوڕێک: بوونی چەند سیمکارتێک چەند مانایەکی هەیە و شتێکی ناسروشتییە**

ئامادەکردنی: هێمن قەسریی
hemntoni@yahoo.com

# درۆكردن گرێبەستێكی هاوسـ

ئا: ناسك سەعید- سلێمانی

لەژیانی رۆژانەماندا زۆرجار هەواڵێك دەبیستین سەرمان دەسوڕمێت لەئاست سەیری رووداوەكەدا، بەلامانەوە گرنگە كە بزانین تەواوی رووداوەكە چۆن روویداوە و دواتر بەچ ئەنجامێك گەیشتووە، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە بزانین مەبەستەكان چی بوون لەپشت ئەو مەرامانەوە، ئێمە لەزۆركاتدا باس لەرووداوێكی تراژیدی دەكەین، بەڵام ئەو رووداوانەش هەن كە دەبنە مایەی سەرنج راكێشانمان و دڵخۆش دەبین بە ئەنجامەكانی.

(كیژان)، كچێكی رەوشت بەرز و جوانە، لەخوێندنیشدا كەسێكی سەركەوتووە، توانیویەتی بەسەركەوتوویی تەواوی قوناغەكانی ژیانی ببڕێت و لەلای كەسوكاری بەكەسێكی چالاك و دیار ناودەبرێت، ئەمەش دەبێتە مایەی نیگەرانی بۆ ماڵی پورێكی كە خوشكی باوكیەتی، چونكە پوریشی كچێكی هاوتەمەنی كیژانی هەیە، ئەم پورەی پەیوەندی لەگەڵ دایكیدا زۆرباش نابێت و لای یەكتر خۆشەویست نین، بۆیە بەردەوام ركابەری لەنێوانیاندا هەیە بەتایبەت ئەم رەفتارە لای پوری زۆر دەكرێت.بێگومان كیژان و كچی پوری بەیەكەوە دەچنە قوتابخانە، لەخوێندندا كیژان زۆر زیرەكتر و لێهاتوترە لە كچە پورەكەی، هەرچەندە پوری هەوڵی زۆر لەگەڵ كچەكەی دەدات بەڵام بێ سود دەبێت. كیژان هەموو ساڵەكان دەردەچێت بەڵام كچە پورەكەی بەو شێوەیە نییە. كیژان لەشەشی ئامادەیی نمرەیەكی باش بەدەست دەهێنێت و دەچێتە زانكۆ، ماڵی پوری هاتوچۆیەكی كەمیان دەكەن و وا خۆیان نیشان نادەن كەبەلایانەوە سەختە كە كچەكەیان لەخوێندن دوا كەوتووە.

وا رێدەكەوێت پوری كە پیشەی فەرمانبەرە لەبەڕێوەبەرایەتییەكەوە گواستنەوەی راژەی بۆ دەكرێت و دەچێتە بەرێوەبەرایەتییەكی تر بێگومان لەو بەڕێوەبەرایەتیە ناسراو نیە و فەرمانبەرەكان خێزانەكەی باش ناناسن، بۆیە رۆژێك پوری وێنەی خێزانەكەیان بۆ دائیرە دەبات و پیشانی فەرمانبەرەكانی دەدات لەوكاتەدا یەكێك لەفەرمانبەرە كچەكان دەڵێت ئەو كچە جوانە كێیە؟ پوری كە ناوی (شلێر)ە دەڵێت ئەوە كچی خۆمە ناڵێت برازامە، درۆ لەگەڵ هاوڕێكەیدا دەكات، هاوڕێكەی دەڵێت من برایەكەم لەدەرەوەی وڵاتە بەنیازە لەم ماوەیەدا بێتەوە ئەگەر پێتان خۆش بێت ئەوا ئێمە حەز دەكەین ببین بەخزم و یەكتر بناسین، پوریشی زۆری پێ خۆش دەبێت و دەڵێت: بۆنا بەخۆشحاڵیەوە كەی دەڵێن ئێمە لەخزمەتداین. بەم شێوەیە گفتێك بە هاوڕێكەی دەدات و كاتێك دێتە ماڵەوە بەكچەكەی دەڵێت تارا گیان ئەمڕۆ كچێك وێنەی كیژانی لەناو ئەلبومەكەدا بینی و زۆری بەدڵی بوو گوتی بۆ براكەمی دەخوازم، منیش پێم گوت كە ئەوە كچمە، تاراش دەڵێت دایەگیان من دەترسم كیژان پێی بزانێت یان ماڵی كوڕەكە لەدوایدا بزانن، پوریشم دەڵێت: ئەوە بۆخۆم دابنێ!!

## ناراستی مرۆڤەكان

لەوماوەیەدا پوری زۆر هاتووچۆی ماڵی كیژان دەكات و هەرناڵێیت كارێكی وای كردووە، كیژان دەڵێت:بەلامانەوە سەیر بوو كە پورە شلێرم بەو جۆرە رەفتار دەكات و چەندین جار بۆنان خواردنی ئێوارە بانگی دەكردین، بەڵام هەرگیز بیرمان بۆئەوە نەدەچوو كارێكی لەو چەشنەی كردبێت.

دوای هەفتەیەك ئەو كوڕەی لەهاندەران بووكە ناوی (رێباز)ە، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ كچە پورەكەمدا دروست دەكات، بەردەوام قسەیان بەیەكەوە دەكرد،پوریشم ئەم مەسەلەیەی لای ئێمە باس كردوو گوتی: كوڕێك لەهاندەرانە داوای تارای كردووە و بەم زووانە دێتەوە بۆ كوردستان و داوای دەكات، بۆیەش لای ئێمە وای دەگوت وا هەستی دەكرد كە ئێمە پێمان ناخۆشە و لەرقی ئێمە بەردەوام باسی دەكرد. دوای تێپەربوونی چەند هەفتەیەك رێباز لەهەندەران هاتەوە بەڵام پێش ئەوەی بێتەوە داوای وێنەكەی كردبوو واتە بە خوشكەكەی گوت بوو وێنەی لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بۆ بنێرن تا بیناسێت، بەڵام پوری كاری واناكات دەڵێت با خۆی بێتەوە رووبەروو یەكتر ببین نەك لەرێگەی وێنەوە!!!! كاتێك كە گەڕایەوە رێباز بەخوشكەكەی دەڵێت رۆژێك بچینە ماڵی ئەو كەچ تا لەنزیكەوە لەگەڵ و تارا یەكتر ببینن و بڕیاری هاوسەرگیری بدەن. رۆژێك دەست نیشان دەكەن بۆئەم مەبەستە، كە دەچن، دوای یەكتر بینین و گفتوگۆ كردن هەردووكیان یەكتریان بەدڵ دەبێت و بڕیاردەدەن.

## دەركەوتنی راستییەكان

پاش داواكردن و مارەكردن بێگومان رۆژێك دەست نیشان كرا بۆ نیشانەكردن و ئەڵقە گۆڕینەوەی هاوسەری، لەو رۆژەشدا كیژان دەچێتە ئاهەنگەكەیان و بەشداری دەكات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان ئەوەیە كچە هاوڕێكەی پوری كاتێك كیژان دەبینێت بەلایەوە سەیر دەبێت و دەكەوێتە گومانەوە، و دوو دڵییەكی زۆر دای دەگرێت، دەكەوێتە بیری كە ئەو كچەی لەوێنەكەدا بینیویەتی جیاوازتر بووە لەو كچەی كە داوایكردووە بۆ براكەی، بۆیە هیچ ناڵێت و دەچێتە لای كیژان و لێی دەپرسێت تۆ چی شلێری؟ لەدوای خۆناساندنی كیژان دەڵێت:من برازای شلێرم و بۆچی ئەم پرسیارە دەكەیت؟ ئەویش دەڵێت تۆ وێنەیەكی لەو شێوەیەت گرتووە و لەلای پورت هەبێت،كیژانیش دەڵێت : بەڵێ، بەڵام بۆ پرسیار دەكەیت؟ پێی دەڵێت من پرسیاری تۆم كرد لەپورت بەڵام ئەو كچەكەی خۆی پێ نیشان داین، من ئەو كچەی كەلەوێنەكەدا بینیومە تۆ بویت نەك تارا، ئەگەر نەك ئێستا پاش دە ساڵی تریش تۆم ببینیایە هەر دەمناسیتەوە، تەنانەت ئەو رۆژەی چووینە ماڵی شلێر و تارام بینی هەستم كرد ئەو كچە ئەوە نییە كە لەوێنەكەدا بینیومە بەڵام شلێر گوتی ئەوە تارا قژی رەنگ كردووە منیش بەوە قەناعەتم كرد، بەڵام من هەرگیز ناهێڵم ئەم ئاهەنگە بكرێت و لەبەرچاوی ئەو خەڵكە هەڵی دەوەشێنمەوە. بۆیە منیش ئەم موزوعەم بەدایكم گوت بۆئەوەی ئاهەنگەكە تێك نەدات و نەڵێن گوناهی ئێوەیە گوتمان با تەواو ببێت، دواتر قسەی لەسەر دەكەین یان هەر گرنگی پێنادەین، بەهەرشێوەیەك بوو خوشكی زاوامان قەناعەت پێكرد تا ئاهەنگەكە تەواو بوو.

فرت و فێڵ و درۆ لە هەموو شتێك بكرێ نابێ لە ژیانی هاوسەریدا هەبێ، بەتایبەت لەسەرەتادا پێویستە هەردوولا راشكاوانە تایبەتمەندی و نهێنییەكانیان بۆیەكتری راڤە بكەن، ئەگینا وەك هەموومان دەزانین پەتی درۆ كورتە و لەگەڵ پچڕانی، پەیوەندییەكەش هەرەس دێنێ



# ـــــەرگیری هەڵدەوەشێنێتەوە

کیژان دەڵێت: دوای تەواوبوونی ئاهەنگە ڕۆژێك ماڵی زاوا تەلەفۆنیان بۆ کردین کە دێن بۆ ماڵمان، ئێمە حەزمان نەدەکرد بەهیچ جۆرێك قسە لەســەر ئەو مەسەلەیە بکەن، چونکە گوناهی تـارای تیانەبوو گوناهی پورم بوو درۆی لەگەڵ هەموومان‌دا کردبوو، بۆیە ماڵی ڕێباز ئەمەیان پەســەند نەکرد و بانگیان کرد بۆ ماڵی ئێمە، کاتێك پورم خۆی کرد بەژوورەوەدا ڕەنگــی زۆر تێکچووبوو، دڵی خەبەری دابوو درۆکەی ئاشــکرابووە، یەکســەر پرسی خێرە منتان بانگ کردووە؟ بەخــوا تارا و کیــژان دەڵێی خوشــکن!!! هەمووومان بەلامانەوە سەیر بوو وای گوت بێئەوەی کەسێك پرسیار بکات. بێ ئەوەی گوێ لەپورم بگرن ڕاستەوخۆ پرسیاری ئەو وێنەیان لێکرد پیشــانی ماڵی زاوای داوە، چونکە هەمان وێنە لەماڵی ئێمەش هەبوو، ئیتر بەمە پورم نەیتوانی حاشا لەهیچ شتێك بکات تەنها گوتــی داوای لێبوردن دەکەم، بۆیە ئەمەم کــردووە لەبەرئــەوەی تارای کچم لەهەموو شــتێکدا لەدوای کیژانەوەیە گوتم با هاوسەرگیریەکەیاندا تارا لەپێشەوە بێت، بەڵام هەرچیەك دەکەن واز لەکچەکەم مەهێنن ئەو گوناهی نییــە، من تەنانەت بەزۆریش قەناعەتم پێکردووە و لەســەرەتادا پێی خۆش نەبووە، بەڵام ڕێباز ئەمەی قبوڵ نەکــردو بڕیاریدا جیاببێتەوە و لەگەڵ مندا هاوسەرگیری بکات.

کیژان دەڵێت: من ڕازی نەدەبووم چونکە بەلامەوە زۆر سەخت بوو، و قسەی خەڵکیش لــەو لاوە بوەســتێت بەڵام ماڵــی باوکم و تەنانــەت باوکی تــاراش زۆری پێ خۆش بوو، گوتیان با ئەمە ببێتە وانەیەك بۆ شلێر وکچەکەی، هاوســەری پوریشم گوتی تارا لای من ئەوەشی درکاندووە دایکی ڕاستی مەســەلەکەی پێ گوتووە بەڵام تارا لەبەر بەرژەوەنــدی خۆی شــاردوویەتیەوە، بەڵام لای خەڵك وا ناڵێت.

ڕێبازیــش دەڵێت: کەســێك بتوانێت بۆ بەرژەوەنــدی خۆی درۆبــکات، ئامادەیە هەرلەبەر بەرژەوەندی خۆی هەموو کارێکی تر بکات، بۆیە ناتوانم لەگەڵ کەســێکی ئاوادا پرۆسەی هاوسەرگیری بکەم.



**هاوڕێیەتی و متمانەی کوێرانە**

(مەهدی) کە شوفێری تەکسی بوو، دەمێك ساڵ بوو(سەعدی) دەناسی کە فیتەرێکی گەنجی شارەزا بوو،(سەعدی) هێشتا هەرزەکار بوو کە لای وەستایەکی دیکە وەك شاگردێك کاری دەکرد، کە هاوڕێتیەیان لەگەڵ(مەهدی) هەبوو، ئەگەرچی لە ماوەی هەرزەکاریدا، وەك هەر گەنجێکی تازە پێگەیشتوو چاویان دەگێڕاو بە دوای خۆشییەکانی ژیان کەوتە سەر ئیشەکە بۆخۆی فێری ببێت و دووکانێك شتێك دابنێت پێوەی خەریك بێت. سەرەتا (سەعدی) تۆزێك منجە منجی کرد و وای نیشاندا کە ئیشیان کەمە و شاگردی زۆرە و کۆمەڵێك لەو بڕوبیانووانە، بەڵام (مەهدی) هەر سووربوو لەسەر داواکەی و پێی گوت کەوا پارەو رۆژانە یا هەفتانەی لێ ناوێ، تەنیا کوڕەکەی لەلای بێت و فێری ئیشێك بێت و بەس،(سەعدی) لە بەرامبەر ئەم سووربوونەوەی(مەهدی) ملی

# بەسەر تاوانەوە دەستگیرکرا!

دەگەڕان، بەڵام کە(مەهدی) ژنی هێنا، کە لە تەمەنێکی زووش بوو، ئیدی وازی لەو شتانە هێناو کەوتە سەوداسەری کاسبی و نان پەیداکردنەوە دوای ئەوەی سێ منداڵی بوو، کە نۆبەرەکەی کوڕبوو،(مەهدی) بەهیوای ئەوەبوو، ئەو کوڕەی هەر لە تەمەنی هەشت نۆ ساڵییەوە لای وەستایەکی زیرەك و شارەزا دابنێت، بەڵکو بە ماوەیەکی کەم بۆ خۆی فێری پیشەیەك بێت و بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێ و بەجۆرێك لەجۆرەکانیش یارمەتی ماڵەوە بدات، بێگومان پێش ژنهێنانی لە هەفتەی یەك دوو رۆژ، یان زۆربەی ئێوارەکان بەلای کەمیەوە لەگەڵ (سەعدی) بوو، هەڵسان و دانیشتن و گەڕان و کەیف و خۆشیان بەیەکەوە، بەڵام پاش پێکەوە نانی خێزان ئەو هاموشۆیە کەم بۆوە، بۆیە نەیدەزانی رەوشت و رەفتاری(سەعدی) بەرەو خراپتر چووە،(مەهدی)یش کە کوڕە گەورەکەی بووە نۆ ساڵ، کە منداڵێکی تابڵێی بەرچاو و بەردڵ بوو، حەزی دەکرد هاوینان کە پووشی خوێندن بوو بیباتە لای(سەعدی)ی کۆنە هاوڕێی، (سەعدی) دوکانێکی مامناوەندی دانابوو ئیشی لە برەو دابوون هەروەها خۆشی، لە رابواردنی ژیان نوقم کردبوو، رۆژێك(مەهدی) چووە لای(سەعدی) و پێی گوت کە (ئازاد)ی کوڕە گەورە نۆ ساڵییەکەی دێنێتە لای بەڵکو ئەم هاوینە هەم لە کۆڵان و منداڵی خراپ دوور کەوێتەوە، هەمیش فێری پیشەیەك بێت بەڵکو ئەگەر لە دوا رۆژدا مەیلی کەچ و کرد گوتی: باشە بیهێنە، کە رۆژی دواتر بردی(سەعدی) کە چاوی بەو منداڵە نۆ ساڵییە کەوت یەکسەر گوتی: ئەو، کوڕە نۆبەرەکەتە وەها گەورە و جاحێڵ بووە، کوڕە من وامدەزانی پێنج شەش ساڵانە نەمزانی وا گەورەیە، بیهێنە بالامان بێت و رۆژانەشی دەدەمێ و فێرە ئیشیشی دەکەم.

**رەفتار و هەڵوێستێك کە هەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا**

ئەوەی کە(مەهدی) هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد ئەو ناپاکی و خیانەت کردنەی هاوڕێیەکی بوو کە ساڵانێك پێکەوە وەکو دوو برادەری زۆر لێك نزیك بەشێکی تەمەنیان پێکەوە بەسەربردووە، دوای ئەوەی مانگێك بەسەر دانانی(ئازاد) ی نۆ ساڵە وەك شاگرد لای(سەعدی) بەسەرچوو ئێوارەیەك کە(ئازاد) هاتەوە ماڵەوە، بە کزی و مەلووولی، بە تێکشکاوییەوە، یەکسەر کە پێی نایە ماڵەوە، چووە لای دایکی و دەستی دایکی راکێشا بۆ ئەوەی سەیری کوڕەکەی بکات، با لێکگەڕێین(مەهدی) خۆی ئەو ساتانەمان بۆ بگێڕێتەوە و بزانین چی روویداوە و دواتر چی بووە، (مەهدی) دەست بە گێڕانەوەی قسەکەی دەکات و دەڵێ: بەرە بەری ئێوارە بوو بەڵام هێشتا زۆری مابوو خۆر ئاوا بێت، کە لە هەیوانی ماڵەوە لەسەر دۆشەکێك پاڵماندابۆوە و کاسە ماستاوێکم لەبەردەم بوو وردە وردە بە چەمچەیەك دەمخواردەوە، چاوم بە(ئازاد) کەوت لەسەری کۆڵان بەدەرکەوت و لۆژ لۆژ بەرەو ماڵەوە دەهاتەوە، کە گەیشتە بەر دەرگا گوتم:(ئازاد) کوڕم ئەوڕۆکە درەنگتر هاتییەوە خۆ(سناعە) هێندە درەنگ داناخرێ، لە کوێ بووی وا

گوڵان
ژمارە (٧٣٨)
٢٠٠٩/٦/٢٢

درەنگ هاتیتەوە..؟

هیچی نەگوت و هیچ وەڵام نەدامەوە چووە ژووری مەتبەخەکە و بەرەو لای دایکی چوو، دەستی راکێشا، دایکی کە ئاوڕی لێدایەوە، دەبینێ(ئازاد) رەنگ زەرد، بێ حەوسەڵە، دەروونێکی تێکشکاو، شتێکی هەبوو دەبوو بەدایکی بڵێ، تا ماوەیەك لە ژوورەوە مانەوە، دوای حەوت هەشت خولەك، دایکی لە مەتبەخەکە هاتە دەرەوە، بەڵام چۆن هاتنە دەرەوەیەك، زۆر لە(ئازاد) تێکشکاوتر و ماڵوێرانتر دەرکەوت، لەو زیاتر رەنگ زەرد و لێو بە بارتر، زانیم شتێك قەوماوە، بەهەرحاڵ، بە هەزار دەردەسەری و شێر و رێوی هێنانەوە دایکی پێی گوتم کە:(مەهدی) ئەو برادەرە چەلەنگەت جەنابی وەستا(سەعدی) دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر کوڕەکەمان، ئیتر چاوم تاریك بوو، هەر هێندەم زانی هۆشم لەخۆم نەما، کە بە ئاگاهاتمەوە سەرم لەسەر کۆشی خێزانەکەم بوو، خۆیشی و(ئازاد)یش لەسەرم دەگریان، گوتم : ئێستا دەچم دەیدۆزمەوە، لەهەر کۆێیەکیش بوو، دەچمە لای، دەیدەمە بەر چەقۆیان تا پارچە پارچە دەبێتن بەڵام دایکی ئازاد ساردی کردمەوە و گوتی: ئاخر تۆش دەچییە بەندیخانە و حوکم دەدرێی و ماڵی ئێمە و منداڵەکانیش بە قوڕ دەگیرێ، سەعاتێك دوان سیان چەند بوو نازانم گفتوگۆمان کرد، دواجار گوتی: ئامۆزاکەم ئەفسەری پۆلیسە با پرسێکی پێبکەین و بزانین چی بکەین هەم ئێمە تووشی هیچ کێشەیەك نەبین و شەڕ و کوشتن و ئەو جۆرە کێشانە، نەیەنە گۆڕێ هەمیش ئەو تاوانبارە بگیرێت و سزای خۆی وەربگرێت.

**تاوانکردن و تووشبوون**

(مەهدی) بەو بارە دەروونی و مەعنەوییە رووخاوەوە، زەنگی بۆ ئامۆزای خێزانەکەی کە ناوی(زرار) بوو لێدا و پێیگەیاند کە شتێکی گرنگ هەیە حەز دەکات بێتە ماڵیان و هاوکاریان بکات، ئەویش گوتی: باشە(مەهدی) بەمشێوەیە درێژە بە باسەکە دەدات و دەڵێ: دوای بیست خولەکێك (زرار)هات و مەسەلەکەمان تێگەیاند.. ئەویش نەخشەیەکی مەحکەمی بۆ داناین و ئێمەش دەستمان بە جێبەجێکردنی کرد، نەخشەکەش ئەوەبوو کە من و دایکی بچینە بنکەی پۆلیس و سکاڵا تۆمار بکەین و داوای گرتنی بەسەر تاوانەوەی تاوانبار بکەین و هەموو جۆرە هاوکارییەکی پۆلیس بکەین، تا ئەوان بتوانن بە باشترین شێوە تاوانبار بگرن، ئەوەبوو چووینە بنکەی پۆلیس و ملازمی بنکەش(ع) هەرچی رێککاری پێویست هەبوو رێکیخست و دەستکرا بەجێبەجێکردنی نەخشەکە.

**دەستگیرکردن**

ئەفسەری بنکەکە ملازم(ع) پلان و نەخشەی دەستگیرکردنی (سەعدی)مان بەو شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: دوای ئەوەی (مەهدی) و خێزانەکەی هاتنە بنکەکەمان و کوڕەکەیان نیشاندام و باسەکەیان پێگوتم: گەیشتمە قەناعەتێکی تەواو کە ئەو کابرایە، کەسێکی بەدڕەوشتە و نێربازە و دەستدرێژی کردۆتە سەر ئەم منداڵە نۆ ساڵەیە، نەخشەیەکم دانا بۆ دەستگیرکردنی کە ئەوەبوو: بەیانی وەکو رۆژانی دیکە، وەك ئەوەی هیچ روویننەدابێت(ئازاد) بچێتە سەرکاری خۆی لە دوکان و(سەعدی) یش وابزانێت کە شتەکەی لێ ئاشکرا نەبووە و(ئازاد) والێبکات کە گوایە رازییە بەو رەفتارەی کە لەگەڵی دەکات، ئەوانیش بە رێگە و شێوازی خۆیان چاودێری دەکەن تا ئەوکاتەی دەتوانن بەسەر تاوانەکەوە بیگرن، کە بەیانییەکەی(ئازاد) چۆوە دوکان،(سەعدی) بینی هیچ روویننەداوە و نە باوکی و داکی نە(ئازاد) بەخۆشی هیچ نارەزایی، کێشە و هەڵا نانەوەیەك دروست نەبووە، باری دەروونی ئارام و هێمن بوو، ئەو نیگەرانییەی کە هەیبوو نەیما، هەندێ پرسیاری لە(ئازاد)کرد و هێندەی دیکە ئارام بۆوە ئەوجا بە(ئازاد)ی گوت: حەزت لێیە دیسان وا بکەینەوە؟ ئەویش گوتی: ئا ئەوەبوو چاوەڕوان بوو تا پاش نیوەڕۆ داهات، ئیشەکانی بە پەلە تەواوکرد و شاگردەکانی تری زوو ناردەوە و چوونە ئەو ژوورە بچووکەی کە کردبوویانە(ئۆ فیس) و دەستی کرد بە رەفتارە خراپەکانی، ئیتر لە ناوەڕاستی کارەکەی دابوو، خەریکبوو رەفتارە خراپەکە بکات، یەکسەر ئێمە وەك پۆلیس و کەسوکاری (ئازاد) بە ژوورکەوتین و لەسەر تاوانەکە بە نیوە رووتیەوە گرتمان، بەو حاڵەوە بردمانە بنکەی پۆلیس و لێکۆڵینەوەمان لەگەڵی کرد، هەر لەگەڵ یەکەم لێکۆڵینەوەدا وردەی بەردا و هەرچی کردبوو نەکردبوو، دانی بە هەمووی نا، گوفتارمان لێی وەرگرت وتەی داواکاری مافی کەسی واتە( دایك و باوکی منداڵەکە) وەك داداخواز وەرگرت و دۆسییەمان بۆی کردەوە و رەوانەی لای دادوەری لێکۆڵینەوەمان کرد، ئەویش بڕیاری دەستگیرکردنی داو، رەوانەی بەندیخانەی مەحەتەکرا، رێککارییەکانی لێکۆڵینەوە دەستپێکرد و منداڵەکەمان بە فەرمانی دادوەر ناردە پزیشکی دادیی و لەوێ دوای دوو رۆژ کە راپۆرتەکەی هاتەوە دەرکەوت کە دووجار کاری سێکسی بە زۆر و بە نارەزایی لەگەڵ کراوە و شوێنەوارەکانی لەسەر جەستەی منداڵەکە بەجێ هێشتووە...

ئیتر پرۆسەی دادگایی کردنەکەی، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە، دەستپێکرد، لە کاتی دادگایکردنیدا دادگا پرسیاری لە باوکی منداڵەکە کرد کە بۆچی ئاگای لە منداڵەکەی خۆی نەبووە و خستوویەتییە بەردەم کەسێکی لادەر و بەدڕەوشتی وەك (سەعدی)،(مەهدی) پێش کە باوکی منداڵەکەیە وەڵامی دادوەری دایەوە و گوتی: وەڵڵا خۆشباوەڕی خۆم بوو، کە متمانەم بە کەسێکی وەك(سەعدی) کرد کە ئێستا وەك تاوانبار لە بەردەمتان راوەستاوە و ماڵی من و خۆیشی بە قوڕگرت و ئەو بەدڕەوشتییەی بەرامبەر نەك بە منداڵەکەم بەڵکو بەخۆیشی و منیش کرد، پتر لە(١٥) ساڵە هاوڕێم بووە و نەمزانی بەدڕەوشتییەکەی و رەفتار و سلوکی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لەگەڵ منداڵان نێربازی بکات، ئەوەندە ساڵە برادەری بویمە شتی وام لێنەبینی بوو، کە زانیشم شتێکی وای بەرامبەر بە منداڵەکەم کردووە، یەکەمجار باوەڕم نەکرد، چۆن دەبێ ئەوەندە بەرەڵلا بوویێ کە نەك هەر لەگەڵ منداڵی من بەڵکو لەگەڵ هەر کێ بێ، بیکات، من گوتم برادەرمە و بڕوام پێی هەبوو، قەت چاوەڕێی ئەوەشم نەدەکرد خیانەتێکی وەها گەورەم لێبکات و ئەوها دەست بۆ ناموسم ببات، هەڵەی من ئەوەیە بیرم لەوە نەکردەوە ئەو ژینگە و دەوروبەرەی کە(سەعدی) ئیشی تێدا دەکات ئەوەندە بۆگەن و گلاوییێ، لەوەش گەورەتر بەخەونیش نەمتوانیووە بیر لەوە بکەمەوە ، یان تەنانەت هەر بە خەیاڵیشم دابێت دەست بۆ ناموسی من درێژ بکات، داوا لە دادگا دەکەم توندی سزای بدات و کەمو کوڕی منیش هەر ئەوەندەیە کوێرانە متمانەم پێی هەبوو.

**حوکمدان**

دوای تەواوبوونی وەرگرتنی وتەی لایەنەکانی داوا و تەواوبوونی پرۆسەی دادگایی کردنەکە، دادگا بڕیاریدا بە زیندانی کردنی (سەعدی) بۆ ماوەی (٧) ساڵ بە تاوانی دەستدرێژی کردنە سەر منداڵێك.

**لە ناوەڕاستی کارەکەیدا بوو خەریک بوو رەفتارە خراپەکەی بکات، یەکسەر ئێمە و پۆلیس و کەسوکاری (ئازاد) بە ژوورکەوتین و لەسەر تاوانەکە بە نیوە رووتی گرتمان**



*هاوسەرگیری پرۆسەیەکی هێندە هەستیارە جگە لە غەریزەی خۆشەویستی و پێکەوە ژیان نابێ هیچ پاڵنەر و مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە بێ، هەر پیاوێك گەر ژنێکی جوانتر یان دەوڵەمەندتری لە ژنەکەی خۆی بینی و حەزی کرد ئەویش داگیربکات و بیکاتە هاوسەری خۆی، ئەوە پێی ناگوترێ ژن و مێردایەتی بەڵکو دەچێتە خانەی بازرگانیکردن و بەمجۆرە کۆمەڵگە تووشی هەڵوەشان و لێك ترازان دەبێ.*

# بەسەرهاتی پیاوێک ژنهێنان وەک بازرگانیکردن تەماشا دەکات

ئا: باوکی میدیا

**رووبەڕوو لەگەڵ دادوەردا**

(ئەسرین و گۆران) دوور بە دووری لە ڕارەوەکەدا ڕاوەستابوون ، چاوەڕێی بانگ کردن بوون کە بچنە ژوورەوە بۆ هۆڵی دادگا،(ئەسرین) لە ژێرەوە بە تیلەی چاو، بەداخ و کەسەرەوە سەیری (گۆران)ی دەکرد و لێوی خۆی دەکرۆژت، خەریکبوو شریتی ساڵانی پێش مێردکردنی بێنێتەوە یاد کە چۆن شەوو ڕۆژ (گۆران) لە پەیمانگا بە دەوروی دەسووڕایەوە و مەمنوونی ئەو دنیایە بوو کە نەك هەر سڵاوێکی لێبکات، بەڵکو وەڵامی سڵاوەکەی (گۆران)یش بداتەوە، (ئەسرین) دەیویست باری خەمەکانی سەرشانی تۆزێك کەم بکاتەوە بەهێنانەوەی ئەو ساتانەی کە(گۆران) مەرایی بۆ دەکرد و ئامادەبوو هەر شتێکی بکردایە تەنیا دڵی(ئەسرین) بۆ لای خۆی کێش بکات، بەڵام دەرگاوانەکەی هۆڵی دادگا بەبانگکردنی ناوی هەردووکیان، زنجیرەی خەیاڵی پساند و نەیهێشت فلیمەکەی خەیاڵی هەمووی لێبدرێت و ڕۆژانی شکۆداری خۆی و (گۆران) بێنێتەوە بەرچاوی، هەردووکیان بەدەنگ بانگەوازەکە چوون و یەکسەر ملی ژووری دادگایان گرتەبەر.

دادوەر لەناو و پیشە و ناونیشان و هەندێ زانیاری تری پرسی، کە لێیان دڵنیابوو، ناسنامەکەی لێوەرگرتن و فەرمانی کرد کە زانیارییەکانی ناو ناسنامەکەی لە کوونووسی دادبینییەکەدا بنووسرێ، ئینجا دانیشتنەکەی دەستپێکرد و بە(ئەسرین)ی گوت: (گۆران)ی مێردت داوای لەسەر تۆمارکردووی کە تۆ زیز بوویت و چەندین جار داواشی لێکردووی نەگەڕاویتەوە، ئەو مێردتە و ئەگەر پێی ڕازی پێویستە بچیتەوە لای، ئەگەر نا دەبێ بۆ دادگای ڕوونبکەیتەوە کە بۆ ناچییە لای، ئایا بڕیارت داوە هەر بەیەکجاری نەچییەوە؟ ، ئەگەر وەڵامت بەبەڵێیە هۆیەکەی چییە..؟(ئەسرین) لە وەڵامی پرسیاری دادوەردا گوتی: گەورەم کێ ناچێتەوە من؟ ئەو منی دەرکردووە و ڕازیش نییە بچمەوە ماڵی هاوسەرێتیم، ئەو منی ناوێت نەك من، ئەو بەمن ڕازی نییە نەك من، با لێرە لە پێش بەرێزتان بڵێ بەڵێ ڕازیمە بێتەوە، بزانە دەچمەوە یان نەء.

لێرە (گۆران) لە خۆیەوە قسەی کرد و گوتی: چەندین جار داوام لێکردووە کە بێتەوە بەڵام ڕەتیکردۆتەوە و پێی گوتووم کە تۆم ناوێ، لە بەرامبەر ئەو قسەیەی (گۆران) دادوەر گوتی: ئێستا ئەو زانیمان کە پێشتر داوات لێکردووە و نەگەڕاوەتەوە و ڕەتیکردۆتەوە، بەڵام ئێستا وا لە پێشت بەخۆی داوای کرد کە بیبەیتەوە، ئایا

رازی ببیبەیتەوە؟ (گۆران) بەنا دڵی و بەناچاری رازی بوو کە(ئەسرین) بباتەوە، کۆتایی بە دادبینییەکە هێنرا.

**نەیهێشت ئەسرین بچێتەوە لای**

(گۆران) بەسەروچاوێکی ترش و تاڵەوە لە هۆڵی دادگا هاتە دەرەوە بە تووڕەییەوە دادگای بەجێهێشت، ماڵی (ئەسرین) هەوڵیاندا لەگەڵ (گۆران) رێکەوتنێك بکەن و کێشەکانیان چارەسەربکرێت، بەڵام(گۆران) رازی نەبوو نەیهێشێت(ئەسرین) بچێتەوە ماڵ بەمشێوەیە کێشەکەیان وەکو خۆی مایەوە.

سەیرلەوەدابوو(ئەسرین)تێگەیشت(گۆران) چیتر ئەوی ناوێ، مەگەر بەو مەرجەی رازی بێت کە(گۆران) (پەرژین )بخوازێت و هیچ کێشەیەکیشی بۆ دروست نەکات..(ئەسرین) دۆش دامابوو، هەمیشە دڵپڕغەم و خەفەتبار بوو، ئەو ئێوارەیە کە باوکی هاتەوە و (ئەسرین)ی بەو حاڵەوە دیت، دەستێکی بەسەری داهێناو پێی گوت: کچم دەزانم خەفەتباری پیاوێکی خۆپەرست و هەڵپەرستە دەزانم لەوە دڵگرانی کە ناتباتەوە، هێندەی لەوە دڵگرانی کە شایەنی ئەو هەموو دڵسۆزی و خۆشەویستییەت نەبوو، بەڕاستی من گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە تۆ پێویستە لەگەڵ ئەم مێردەت خۆت یەکلا بکەیتەوە، یان وازی لێبێنی و تەڵاقت بدات یانیش بەو حاڵەوە بچییەوە لای دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بڕیاریاندا کە لەگەڵ خودی (گۆران) گفتوگۆ بکەن و یەکلایی بکەنەوە، ئەوەبوو رۆژی دواتر هەواڵیان بۆی نارد کەبێت بیرێنێتەوە و بەلایەکیدا بخەن، بەڵام ئەو نەهات و تەنیا یەك قسەی بۆ رەوانە کردبوون و گوتبووی: نێوان من و (ئەسرین) تەنیا بە دادگا چارەسەر دەبێ... ئیتر ئەوانیش بڕیاریاندا ملمالانێیەکە دەستپێبکەن بۆ ئەم مەبەستە پارێزەرێکیان گرت کە هەم تەڵاقی خۆی وەربگرێت و هەمیش مافەکانی خۆی لێوەربگرێت..

**هۆی ئەو ناکۆکییانە چی بوو؟**

پرسیارمان لە پارێزەرەکەی (ئەسرین) کرد کە هۆی ئەو گۆڕانەی کە بەسەر مێردەکەی داهاتووە چی بووە، بۆچی پێشتر(گۆران) مەمنونی (ئەسرین)بووە و کەچی دوای دوو سێ ساڵ لە ژن و مێردایەتی هەڵوێستی لێگۆڕاوە؟ ئەو پارێزەرە تەواوی هۆکاری کێشەکەیانی بەمشێوەیە بۆ گێڕاینەوە و گوتی:(گۆران) وەك(ئەسرین) دەرچووی پەیمانگایە و کە ژنیشی هێناوە ئەگەر مووچە و هاوکاری(ئەسرین) نەبوایە تەنانەت نەیدەتوانی کرێی خانووش بدات، جا لەلایەك تموحی زۆر بووە؟ حەزی کردووە خانووی خۆی هەبێت و خاوەن ئۆتۆمبێلی خۆی بێت مووچەیەکی باش وەربگرێت، لەلایەکیش لە مووچەکەی زیاتر چیتری نەبوو.. وەختێکیش بەرێکەوت کچێك بەناوی (پەرژین) دەناسێت، هەڵوێستی بە تەواوەتی دەگۆڕێ، ئەو دووانە پەیوەندی لەگەڵ یەك دروست دەکەن و تا ماوەی سێ چوار مانگان، (پەرژین) کچە دەوڵەمەند دەبێ و حەز لە (گۆران) دەکات.

ئەویش دوای ئەوەی پەیوەندییەکەیان دەگاتە رادەی ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن خۆشەویستی(پەرژین) هەر چەندە بە تەمەن(٦) ساڵ لە (گۆران) یش گەورەتر دەبێ، بەڵێنی هێنانەدی هەموو ئاواتەکانی دەداتێ، چ لە زێڕ و پارە چ لە خانوو چ لە ئۆتۆمبێلیش، ئەگەر ژنەکەی تەڵاق بدات و ئەو بخوازێت، یەکەمین هەنجەت و بیانووی (گۆران)یش کە بە(ئەسرین)ی دەگرت ئەوەیە کە منداڵی نابێت کەچی کە(ئەسرین) چووە لای پزیشك و پشکنینی بۆ کرا دەرکەوت کە(ئەسرین) هیچ کێشەیەکی تەندروستی سەبارەت بە منداڵ بوونە نییە، بەڵام ئەو ئەسڵەن نەك هەر ئامادەنەبوو دان بەو راستییە بنێ و بچێتە لای پزیشکیش بەڵکو هەمیشە هۆی منداڵنەبوونیانی دەگەڕاندەوە بۆ (ئەسرین).

بە کورتی ئەوەی دیار و بەرچاوە هۆکاری دەستبەرداربوونی لە(ئەسرین) خولیای دەوڵەمەندبوون بوو راستە وەك(ئەسرین) دەڵێ(پەرژین) کچێکی زۆر جوان و نەشمیلە و تەمەنیشی (٣٠) ساڵێکە، بەڵام ئەوە بە تەنیا هۆکار نییە، هەر چۆنێك بێت ئەو پیاوە دەیەوێ ژنەکەی پێی بڵێ کەوا تەڵاقم بدە بۆ ئەوەی هەم دەست بەسەر ماڵەکەی دابگرێت و هەمیش هیچ زەرە نەکات و کەسیش گلەیی ئەوەی لێنەکات بڵێ بێوەفا بوو بەرامبەر بە ژنەکەی و بۆ ماڵی دنیا دەستبەرداری بوو.

**پێشکەشکردنی داوای لێکجیابوونەوە**

پارێزەرەکە لەسەر پێشکەشکردنی داوایەکی دیکە و وردەکارییەکانی گوتی: کە زانیمان کابرا هەڵوێستی چۆنە داوایەکمان بۆ دادگا بەرزکردەوە و گوتمان داوای لێکجیابوونەوە دەکەین، بەم داوایە(گۆران) تێکچوو، هاوسەنگی لە دەستدا و تورەیی لێبەدەرکەوت، کە هاتە دادگا ئێمە لەهۆی بەرزکردنەوەی داواکە بە دادگامان گوت: لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە کە مێردی (ئەسرین)ە، ژنەکەی لە ماڵە مێرد دەرکردووە و ئامادەش نییە بیباتەوە هەمیشە و بە بەردەوامیش جنێوی پێدەدا و سوکایەتی پێدەکات بۆیە ئێمە داوای جیابوونەوە دەکەین، کەچی ئەو گوتی: هیچ سوکایەتیم پێنەکردووە و جنێویشم پێنەداوە قەت تەڵاقیشی نادەم، دانیشتنە کە بۆ رۆژێکی تر دواخرا، (گۆران) ئەم داوا بەرزکردنەوەیەی بە سووکایەتی زانی بۆیە کردبوویە لاملی و دەیگوت نە تەڵاقی دەدەم نەدەشیبەمەوە پاش ململانێیەکی زۆر و هێنان و بردنێکی زۆر ئەو کچەی کە پەیوەندی لەگەڵ هەبوو(پەرژین) پێی گوتبوو برۆ تەڵاقی بدە و چیشی دەوێت من دەیدەم، ئەویش لەبەر ئەوەی بەم داوا تۆمارکردنە زۆر تورە و تۆسن ببوو، هەستی دەکرد سووکایەتی پێکراوە و لە هەیبەتی دراوە، کە دیتیشی خۆشەویستەکەی ئامادەیە زەرەرەکانی ببژێرێ، لە دانیشتنێکی دادگادا لەبەردەم دادوەردا گوتی: بەڵێ جەنابی قازی من ئەو ژنەم ناوێتن لەگەڵم ناگونجێت و بە کەڵکی من نایە، مادامیش لە دادگا سکاڵای لە دژ تۆمارکردووم من ئیتر هەرگیزاو هەرگیز ئەو ژنەم ناوێ ئەوە فلانی کچی فلانم، لە پێش دادگا سێ بەسێ تەڵاقدا.

بەم هەڵوێستەی(گۆران) هەموو مافەکانی(ئەسرین)ی مسۆگەرکرد، دواتر داوایەکی تریشمان لەسەر تۆمارکرد بۆ ئەوەی ناو ماڵەکەی لێوەرگرینەوە، بەهەر حاڵ، لە بەرامبەر مافەکانی(ئەسرین) ئامادەبوو گفتوگۆ بکات و دواتر رێکەوتین لەسەر مەبلەغێك پارە لەبری دەستبەرداربوون لە هەموو مافێك کە(ئەسرین) لەسەر ئەوی مابێت، بەمجۆرە(ئەسرین) یەخەی لە یەخەی پیاوێکی خۆپەرستی ماڵپەرست بۆوە و ناچار بوو کۆتایی بە ژیانێکی هاوسەرێتی بێنێ کە هەرگیز چاوەڕوانی دوا رۆژێکی وەها تاریکی لێنەدەکرد.

**یەکەمین هەنجەت و بیانووی (گۆران)یش کە بە(ئەسرین)ی دەگرت ئەوەیە کە منداڵی نابێت کەچی کە(ئەسرین) چووە لای پزیشك و پشکنینی بۆ کرا دەرکەوت کە(ئەسرین) هیچ کێشەیەکی تەندروستی سەبارەت بە منداڵ بوونە نییە**